# حەیران .. فۆلكلۆری ڕەسەن

پیر داود مەخمۆری

دیارە فـۆلكلـۆری كـوردی پـانتـایـیـەكی زۆر فراوانی هەیە لە ژیانی كوردەواریماندا، هەمووشی نەنووســـراو، بگرە بەشـی زۆری ئەو فـــۆلكلۆرە فـەوتاوە.. میللەتانی جیهان بەرحێكی پاك و بە هیــمــەتێكی زۆر لە خـۆ بووردوانەوە خـزمــەتی فـــۆلكلۆری خـــۆیان كـردووە و دەیكەن، هـەروەها هەوڵێكی یەكجـار باشـیان داوە لە لێكۆڵینەوە لە فۆلكلۆر و ڕەسەنایەتی كەلەپووری خۆیان.

نامـــانەوێ بەرەو دواوە بگەڕێینەوە، ئەگـینا لێدوان لە فـۆلكلۆر زۆر هەڵدەگرێ.. بۆ یەكەمجار فـۆلكلۆر وەكو زانستـێك لە زانكۆی سوید سـاڵی ١٨٨٨ خـرایە ناو پرۆگـرامــەكـانی خـوێندنی زانكۆیی..

وەلێ مخابن لەلای ئێمەی كورد فۆلكلۆر گرنگی پێنادرێ و تەنانەت لای هەندێ كـەس بە سـووكی چاوی لێ دەكـرێ، ئەگـەر كـۆكـردنەوەو لێـدوان لە فۆلكلۆر شتێكی بۆ كـرابێ لە هەوڵی تاكە كەسی بـەدەر نـەبـووە، بـەشـی زۆری هـەوڵـەكـــــانیـش كۆكردنەوەیە نە وەك لێكۆڵینەوە.

فـۆلكلۆر زۆر لق و پۆپی هـەیە، گـەلێ جـاریش شـوێنەواریش دەگرێتـەوە هەر لە هۆنراوە و گۆرانی و ئەفسانە و داستان و ئوستورە و یاری و مامك و مـەتەڵ و دەیانی دیكە، بە رای ئێـمـە ئەوەی زۆر بە زیندوویی مـــابێـتـــەوە، گـــۆرانی و هۆنراوەی

فۆلکلۆرییە. چونکە بەردەوام بوونەوەی هەیە و کاری ڕۆژانەی پێ دەکرێ، لەبەشی گۆرانی فـۆلکلۆریش دوو لق زۆر بە زیندوویی و خۆڕاگری ماون، ئەوانیش لە سـۆرانی (حـەیران) و لە بادینیش (لاوک). من حەزم دەکرد لەسەر هەردوو لاوک و حەیران شتێک بنووسم، بەڵام وەکو سەیرم کرد رەنگە لە بەشی حەیران بتوانم شتێک بکەم کەچی نەوێرام خۆم لە لاوک بدەم، ترسم هەبوو بۆچوونەکانم هەڵەبن یان تێدا سەرکەوتوو نەبم.

هەرچەندە من حەفت ساڵ لە بادینان مامۆستا بووم توانای قسەکردنم هەیە و هەندی کاسێتی هەقایەت و لاوکی کۆنیشم تۆماکردووە لە ساڵی ١٩٧٦. بەڵام وام بە باش زانی مەسەلەی لاوک بۆ لاوکبێژان و نووسەرانی ئێرە بەجێ بێڵم.

## حەیران چییە؟

سـەبارەت بە حـەیران راوبۆچوونی زۆر هەیە سەرەتا کورد دەڵێ: (سوار و حەیران پیر نابن)، حـەیران بەشێکی زیندووی هەرە گرنگی گۆرانی کوردییە، حەیران لە لایەنی زمانەوانییەوە بە واتای بەڵاگێر یاخود قوربان یان گۆڕی یانیش سەرسوڕمان دێت. کورد دەڵێ بە قوربانت بم، یان بە حەیرانت بم، یان ئەز گۆڕی تەمە.. هەندێک وای بۆ دەچن کە حەیران وشەیەکی عارەبی بێ، ئەگەر وابێ بۆچی عارەب حەیرانیان نییە تەنیا لەبەر ئەوەی کە حەیران و محەیەرلێکدی نێزیکن وەک پیت.

لە دەڤەری بادینانیش حەیرانۆک هەیە لە ئاواز و گۆتندا جیاوازی لەگەڵ حـەیرانی دەشتی هەولێر هەیە.

حەیران بە زۆری باسی دڵداری و ئاشقێنی کوڕ و کچ دەکات، سەبارەت بە مۆسقای حـەیرانیش، دیارە هەر حەیرانبێژێک بە جۆرە هەوایەک حەیران دەڵێ. بەڵام لە رووی مـەقاماتەوە، هەیە دەڵێ حـەیران مـەقامێکی رەسـەنی کوردیە وەکو لاوک و حـەیران و قـەتار و خـاوکـەر... بەڵام لەگـەڵ هـەندێش رای هونەرمەندان لەو بارەیەوە وەردەگرین..

مامۆستا وریا ئەحمەد دەڵێ؛ حـەیران ئەوەندە سووکە لە گوتندا دەتوانرێ مەقامی بەیات ئەدا بکرێ، هەروەها مامۆستا ئامانج غازی سەبارەت بە حەیران دەڵێ؛ حـەیرانبێژ هەیە بە حیجاز دەڵێ هەرچەندە زۆر زەحمەتە و هەموو قوڕگێک پێی دەرنایێ.

## پەیڤ و شیعری حەیران

ئەو زاتانەی باسی پەیڤ و هۆنراوە و پەخشانی حەیرانیان کردووە ئەو بەڕێزانەن د. مارف خەزنەدار، خالید جوتیار، رزگار خۆشناو و ئەحمەد حەیران، ئەسعەد عەدۆ، سەعدوللا شێخانی، غەفوور مەخموری و چەندانی دیکە، هەندێکیان رایان وایە و دەڵێن حەیران شیعرە یان پەخشانە شیعرە..

**د. مارف خەزنەدار دەڵێ:** وشـەی حـەیران بۆ ئەم بابەتە شیعرە بەکار ئەهێنرێ کە بشێوەی کرمانجی خواروو هەڵئەبەسترێ. وەزیاتر لەناوچەکانی هەولێر و کۆیە و رەواندوز و مەهاباد و سنە بە تایبەتی لەناو خێڵەکاندا باوە)

**رزگار خۆشناو دەڵێ:** (رستەکانی حـەیران رەوتی شیعری تەواو نییە).

**خالید جووتیار دەڵێ:** حەیران پارچە پەخشانێکی پاراو و ناسکە، بە زمانێکی سادەی خۆمانە نووسراوە، دەشێ پەخشانە شیعری پێ بگۆترێ، دەستوور و ئاکاری تایبەتی خۆی هەیە ئەگەر سەربەند و دوابەندی یەکترنەگرنەوە بە حەیران دانانرێت).

**ئەسعەد عەدۆ دەڵێ:** حـەیران جۆرە مـەقام و ئاوازێکی تایبەتە، ئەو پەخشانە رازاوەی سەروبن گرێدراوەیە)

**ئەحمەد حەیران دەڵێ:** جۆرێکە لە جۆرەکانی مەقام، شێوەی دارشتنی زیاتر دەچێتەوە سەر پەخشانە هۆزان.

ئەوەی ئێمەش سەرنجمان داوە و رای خۆمان لەسەر دەردەبڕین هەر کۆپلەیەکی حەیران کە پێی دەگوترێ بەندە حەیران، لەسەر شێوەی شیعری ئازاد دامەزراوە لەگەڵ بوونی قافیە، دەبێ ئەو قافیانە بناسرێن بەسەربەند، ناوبەند، دوابەند... هەرسێک دەبێ یەکبن.

## جۆرەکانی حەیران

سەبارەت بەدیاری کردنی حەیران و جۆرەکانی حەیران راوبۆچوونی زۆر هەیە:

– دابەشکردن و جۆری حەیران بە پێی ئاوازی حەیرانەکە لە بەرزی و نزمی.

– دابەشکردنی بە پێی ناوچەکان لە دەشت و چیاکان، لەم بارەیەوە ئێمەش رای تایبەتی خۆمان هەیە، حەیران بە پێی ناوچە دابەش ناکرێ، بەڵکو بە شێی شێوە و جۆرەکانی دیکە باس دەکرێ.. چونکە لە رووی ناوەڕۆک و فۆرمەوە حەیران لە هەموو ناوچەکان یەک جۆرە، بەڵام جیاوازییەکە لە جۆری گوتندا هەیە لە بەرزی و نزمی دەنگی حەیرانبێژەکە.

حەیرانیش بە پێی زۆربەی بۆچوونەکان دەکرێتە دوو بەش:

* **حەیرانی مەجلیسی:** ئەو جۆرە حەیرانەیە بە زۆری لە دیوەخان و مەجلیسی پیاوماقوڵان دەگۆترێ و حەیرانبێژ هەر ئەوەندە دەنگ هەڵدێنێ کە دانیشتوانی کۆڕە گوێ بیستی بن.

* **سەرچیایی:** لێرەدا حەیرانبێژ بۆی هەیە لە یەکەم دەستپێکردنی حەیرانەکەوە دەنگی بەرز بکاتەوە تاکو دوابەندی حەیران کۆتایی دێت، مەوادایەکی بەرفراوانی هەیە.. دووبارە دەڵێینەوە حەیران هەر حەیرانە بەڵام سروشتی گۆتن و دەنگی حەیرانبێژەکە جۆری حەیرانەکە دیار دەکەن.

زۆربەی زۆری حەیرانەکان بە شێوە دیالێکتی دەشتی هەولێر دەگۆترێ لە بەکارهێنانی وشەکان (ڵ = ر) وەکو ماڵ = مار، ساڵ دەکا = سار.

**نموونە:**

* حەیران خۆخی لۆ گۆتمە هەنارێ،

– بەژنی باریک وەرە ئەمن و توو دەستێ خۆ تێک بگرین بچینەوە

کاولە مەخمووری بزانین چی کردیە کوریکەی بوارێ،

– نازانم بەژنێ باریک لە مانگی نیسانێ نە بکەمە داکی لانکێ

نەبیکەمە کابانی مارێ،

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین هەرسێ قافیەی حەیرانەکە (هەنارێ، بوارێ مارێ) یەکن، خالید جووتیار دەڵێ: سەربەند و دوابەند یەکنەگرنەوە بە حەیران داناندرێ، ئەحمەد حەیرانیش دەڵێ: هەموو دوا.

### حەیران و وێنەی هونەری

لە رووی هونەرییەوە حەیران وێنەی زۆر جوانی تێدایە، وا هەست دەکەی کە شاعیرێکی بە ئەزموون نووسیویەتی و وێنەکانی کێشاوە، بەژنێ باریک ب شەترەنەمام تەشبیە دەکات، روومەتی بە تۆپی گورێ هەروەها شاملیا بە کەزی و گەردەنی زەرد و بەژنی زراف و دەست و قۆلی بە بازن و پەنجەی بەخەنە و چاوی بە کل.. تاد.. نموونە

(لە بانی بانیان لە بانی کۆیی،

– کیژێ دەبا بە ژنت لە بۆ من بمینێ بەشترە نەمامەکانی شین دەبی لەوراتی خالیس و مەندەلی لەساران دەگرن نارنجە لە بنان دەگرن زەردە لیمۆیی،

– وەللاهی ئەگەر سێ ماچان وەرگرم لە گەردەنێ زەرد خۆم نادەم بە حاکمی زاخۆیی.

لێرە بەندەکان (کۆیی، لیمۆیی، زاخۆیی)نە

## حەیران و ناوەرۆک

ئەگەر جوان زەین بدەیە گۆتنی حەیران ،بە زۆری لەسەرشێوەی دیالۆگ (حیوار) دەگوترێ لە بەینی کوڕ و کچ یان کوڕە تیمە حەیران و کچە تیمە حەیران کە هەندێ جار دەبێتە نازدار حەیران.

ناوەرۆکی حەیران بەشی هەرە زۆری لەم خالانە خۆی دەنوێنێ دڵداری، وەسف، سۆزی غەریبی، سۆز و عەهد، ئایینی، قارەمانی و شەڕ و شۆڕ چەندانی دیکەش.

دڵداری: باسلە خۆشەویستی کوڕ و کچ دەکات، حەیرانبێژ هەوڵ دەدات بە جوانترین شێوە ناوەرۆکی حەیرانەکە دەربڕی و هەردوو ئاشق و ماشوقەکە بۆ یەکتر دەسووتێنی..

* حەیران دەرێم هایێ سەد جاران لە من هایێ،

– کیژ جوابان دەنێری دەرێ لە خۆم غەریبێ لە خۆم بێ کەسێ

ئەوە سەرێ چەند رۆژانە جوابێ نازدارەکەی من نایێ،

– ئەوجا کەڕو تیمە حەیران جوابان دەنێری بە پلکەپێناوێ، دەرێ گەلەکم لە کچە تیمە حەیرانی خۆم درمایە،

کیژ دەرێ پلکە پێناو قسەی تو راستە درۆ نینە دونێ هێواری لە سیلەی رەزی گەیشتمە کوڕە تیمی خۆم، دەعوای دوو ماچانی لێ کردیمە نازانم لۆ ئەوەندە بێڕێز بووم نەمدایێ.

**وەسف:**

حەیرانبێژ کە وەسفی شتێک دەکات زۆر دەستایانە دایدەرێژێ جا چ ئەو وەسفە بۆ ئافرەت بێ، یان بۆ سوارچاکی و مێرخاسی بێ یانیش بۆ سروشت و دەشت و دەر بێ.

**نموونە:**

* ئەرێ برادەرینە چەندم گاز دەکرد، نەمدەگۆ قەراتی پیرە هەولێرێ لەمن دێمە،

– ئەو سارەکە بە وێی دەرەبوارێ حەیرانەکەی من

لە گێیاتی فوارەدا چاوەکەم لە کەپوانی خەزێمە،

– ئەو سارەکە سەرێی حەفت سارانە سەبارەت بە حەیرانێ بەرەبەنی لێمە،

ئەمن دەمگۆ پارچە زێڕەکم دیتیتەوە نازانم نە لۆخۆم

بکەمە دەسکی دەمانچەی

نە لۆ نازدار حەیرانێ بکەمە گوارە خەزێمە،

**قارەمانی:**

حەیرانبێژ وەسفی هەندێ حالەت دەکات کە بەچاوی خۆی دیتیتی ئەو حەیرانە بۆ یەکێک لە سەرەکان گوترایە لەسەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلول.

– تەیارەک وادێ قومبەلەی پێیە،

– دەرێم لەسەریێ دێدەوانی مەدە قائیدێ ماری بابێ منی لێیە،

لە بیستانەی گەورەم دەپرسی، مەقەڕی ئەحمەدی حەمەدە گەورەی لەگەز پێشمەرگان لە کێیە..

**ئایینی:**

بە حوکمی ئەوەی کە کۆڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە و زۆری کۆڕ و مەجلیسی دەروێشانی تێدا گەڕاوە و حەلقەی زیکری تێدا بووە، لەبەر هەندێ حەیرانی ئایینیش وجودی هەبووە، چەندین حەیرانبێژ لەو مەیدانەدا دەوریان هەبووە لەوانە دەروێش برایمی لهێبان.

**نموونە:**

* حەیران سەرم دێشی درم بەبارێ خەمان دەناری،

– موریدو دەروێش سەرێ دوو سارانە چەند عەبدارن لە دوو بایێ عەبدولکەریمی شێخەکەی مار لەمشاری،

بەخۆت رۆیشتی، ئەمەت بە جێهێشت لە خەم و تاری.

**سۆز و عەهد:**

دیارە قەول پەیمانی نێوان کوڕ و کچی ئاشق سۆز عەهدی لە خۆ دەگری، هەروەها زۆر جار ئەو ئاشقە جەوهەردانانە بێ ئومێد دەبن ئەوجا بە هەر هۆیەک بێت، بە تایبەتی لێکدابڕان و غەریبی بەشێکی هەرە گرنگی حەیرانە.

* حەیران لە مێژە لێم بڕاینە جوابە،

– هەناوم سووتاینە لە جەرگم درایە زەردە قولابە،

– دیتنێ بە ژنێ باریک و ناوقەدی زراو زەندێ بەبازن لە من بووینەوە حەسرەت و کابە،

**سەرهەڵدانی حەیران:**

دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەرجەلەو بنەڕەتی حەیران کارێکی وا ئاسان نییە، ئێمە کە باس لە فۆلکلۆر دەکەین، کەواتە باس لە سەردەمانێکی یەکجار نادار و بزربووی دەکەین، ئێمەی کورد تاکو ئێستا نازانین لە کوێوە دەست بە نووسینەوەی ئەدەبی نووسراومان بکەین نەخاسمە فۆلکلۆر، بۆ نموونە دەقی مەم و زین کە دەقێکی فۆلکلۆریە مێژووەکەی ئەدی چۆن دەتوانی سەرجەلەو مێژووی لاوک و حەیران دیار بکەی هەندێ وای بۆ دەچن کە حەیران خۆی بۆ ٢٠٠-٣٠٠ سالێک پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەمەیان شتێکی هەڵەیە.

بەلام شتێک هەیە کە بە هۆیەوە بگەین سەرداوێک، ئەویش گەڕاندنەوەی دەقەکانی حەیرانە، لە هەندی نصوصی حەیران باس لە ئاژەڵداری دەکات کە شوان و گاوانە.. ئەو دوو پێشەیەش لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤی کوردە، هەروەها هەندێ دەق هەیە باس لە دیلی و کۆیلەتی و سەردەمی دەرەبەگایەتی دەکات.. ئەو تاریخەش هەزاران ساڵە، رەنگە حەیران بگەڕێتەوە پێش ئەو مێژووەش.

* حەیران، حەیرانە، حەیران هەمینە،

– نازدار حەیرانەکەی من ئەوڕۆ سییانی جوابان دەنێری

دەرێ ئەمن زانیتم دوو یارت لەسەرە من گرتینە،

– دەمگۆ قسەی تو راستە سێنە دوو نینە

بەران یەکیانت لۆدەمەکە کارەکەرە، یەکیان دەکەمە کۆیلە ئەویدیکەیان بەلانک ژینە،

**مەڵبەندی حەیران:**

حەیران جگە لەوەی تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە لە گۆتن، لەگەڵ هەندێشدا تایبەتی ناوچەیی پێوە دیارە، رەنگە لە زۆر شوێنی دیکە حەیران بگوترێ جگە لە دەشتی هەولێر، بەلام مۆرکی رەسەنی دەشتی هەولێریان پێوە دیارە، من حەیران بۆ یەکەم منداڵدانی دەشتی هەولێر دەگەڕێنمەوە. دەشتی هەولێریش بریتیە لە مەخمور، قەراج، کەندیناوە، شەمالک، بەڕانەتی پشت رێ، دەشتی کۆیە تا دەگاتە خۆشناوەتی و رەواندزێ. دیارە لەگەڵ رەوی ماڵ کۆچەر ورەوەندان، حەیرانیش بارگەی داناوە لە کویستان. هەروەسا بۆ مەهاباد و ئەو دەڤەرەش پەڕیوەتەوە، بەلام لەوێ ئەو زیندویەتییەی نامێنێ چونکە لەوێندەر بەیت دێتە گۆڕێ. هەروەها هەتا کو سەرزێی بادینانیش هاتیە و لەگەڵ ئاری خازر راوەستایە، چونکە لەولاوە لاوک دەست پێ دەکات، هەروەها بۆ لای گەرمیانیش پەلی هاویشتوە، بەلام

لەوێندەر لەبەرخاتری قەتار و خاوکەر حەیران جێی نەبوویتەوە، بۆیە من سوورم لەسەر ئەوەی کە حەیران هی دەشتی هەولێر بێ، چونکە زۆربەی ئەو شوێنانەی لە حەیران ناویان هاتووە هی دەشتی هەولێرن.

## ئەنجام:

**لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا گەیشتمە ئەو ئەنجامانە:**

– حەیران جۆرە مەقامێکی رەسەنی کوردیە، بە دوو جۆر دەگۆترێ: مەجلیسی و سەرچیایی.

* پەیڤ و قسەکانی حەیران شیعر نینە، پەخشانە شیعرن.

* حەیران هەر بەندێکی سێ قافییەی هەیە پێی دەگوترێ سەربەند و ناوبەند و دوابەند، لەو سێیە کەمتر بێ حەیرانەکە تەواو نییە.

* بابەتە سەرەکییەکانی حەیران :(دڵداری، وەسف، قارەمانی، سۆز و پەیمان، دووری و غەریبی، ئایینی، چەندانی دیکەش لە مێژو و جوگرافیا..

* حەیران لە دەشتی هەولێر سەری هەڵداوە و بەرەو ناوچەکانی دیکە پەلی هاوێشتووە.

## سەرچاوەکان


* حەیران و مەرگی غەریبان، خالید جوتیار + سەعدوللا شێخانی
* حەیران، چەمک، ناوەرۆک و سەرهەڵدان، غەفوور مەخمووری.
* گەنجی سەربەمۆر، ئەحمەد بەحری مەهاباد.
* لاوک، گۆڤاری کومەڵەی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر.
* دیوانی حەیرانبێژان، ئەحمەد حەیران.
* سەبردەی کۆمەلە حەیرانبێژێکی کورد، سەعدوللا شێخانی.
* سەرەتایەک بۆ حەیران، غەفوور مەخمووری.
* ئەسعەد عەدۆ– لیرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد.
* پیرە هەولێر – پیر داود مەخموری.
* دەروازەیەک بۆ ئاواز و فۆلکلۆری کوردی، مەحمود زامدار.
* کۆمەڵێک لاوک و حەیران، محەمەدی مەلا کەریم.